# ڕەنگدانەوەی گوفتارو کردار

## لە کەسایەتی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود دا

شوان قەڵادزەیی

لە گوندێکی دەڤەری هەورامانی سەرکەش و سەربەرز و دەلال، لە خانەوادەیەکی ڕەسەنی کورد دۆست و ئیسلام پەروەردا، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمی ڕوو لە دروشمی سوور و چەکوش و داسدا، ئاسۆیەك هەڵ هات، پیاوێکی مەرد لە ناوچاوی منداڵیدا هەستی پێ دەکراو دەخوێندرایەوە، ئومێد بەخش بوو بۆ خانەوادەو وڵاتی بەش مەینەتی کوردەواریمان، خۆ هەر دەبێ وابێ، لەم دەڤەری پیاوچاکانەدا دەڤەری هەورامان و جێ نزرگەی پیاوچاکانی وەکو شێخ عەلائەدین و شێخ عومەر و میرانی ئەردەڵان و، وە دەیان پیاو ساڵحی تر. خودای پشتیوانی چەوساوانیش پیاوانی(رجال) ڕەمز بۆ کاتە هەستیارو حەساس و پڕ لە گێژاوەکان هەڵدەبژێرێ چونکە رب العالمین دەزانێ پیاوانی کار ڕاست و سەر ڕاست و خاوەن فەخرو ژیریی و ئەهلی (الفطن) دەگەن و ناوازەو کەمن بتوانن بەرامبەر دژانی حەق و پەیامی ڕاستی سەنگەری زانستیانە بگرن، بەڵێ خوای کار بەجێ سۆزو بەزەیی خۆی باراند بەسەریداو هەر لە تەمەنی گەنج و لاوییەوە(شاب نشأ علی عبادة ربه). چونکە بە حوجرەو مەجلیسی زانایان و خودا ویستان هۆش و فیکرو ئەندێشەی کرایەوە، هەمیشە (قلبه معلق بالمساجد)بوو،

**هەمیشە دووپاتی دەکردەوە شکۆمەندیمان و سەربەرزیمان بەندە بەسەر بەرزیی بزووتنەوەکەمانەوە**

هەموو ئەمانە بوونە مایەی زیاتر ئومێد بەخشین و باشتر فراژو بوون و بەرەو لوتکە چوون و گەورە بوون، ئەو پێگەیشتنە خۆماڵیەی مامۆستای سەرکردە وای کرد فیکرو بیری سەردەمیانەو واقیع بینانە بێت و هەمیشە موئەسیرو کاریگەر بێ لەسەر بەرامبەرو خەڵك نەك بە پێچەوانەوە. هەمیشە خاوەن عیزەت و سەربەرزی بوو، لە حەفتاو هەشتاکاندا بڵند گۆیەکی حەق و ڕاستی بوو دژ بەچەواشەکاری ڕژێمی خاچ پەرستی بەعسی و بەچکە هەڵفڕیوەکانی ناو وڵاتی کوردان، ئەمەش لە میمبەرەکانی پێنجوێن و هەڵەبجەو شارەزوورو بیارەو خورماڵ و سلێمانی و شارەکانی کوردستانی ئێران و هەموو شارەکانی تری



کوردستان بەرپا کردو قەڵەمە بە بڕشتەکەی خستەگەڕ و پەرتوکەکانی بوونە مایەی لابردنی ژەنگی دەیان و سەدان لە گەنجانی ئەم وڵاتە، بە تایبەت لەو کاتانەدا بیرو هەستی چەپ گەری لە گەشەکردن دا بوو، بە ڕاستی کەم لە کتێبەکان دڵی گەنجانی تینویان دەشکاند، بەلاّم کتێبەکانی دادپەروەری لە ئیسلامدا، خواپەرستی لە ئیسلامداو ئەوانی تر وەلامی هەموو پرسیارەکانی تێدا بوو، خۆم یەکێك بووم کە زۆر موعجیب بووم بە دانراوی دادگەری لەئیسلامداو زۆرهاندەرم بوو بۆ ئیشکردنی کاری بە کۆمەڵ، لە یەکەم دیداریشم دا کە بەخزمەت مامۆستا گەیشتم لە سەردەمی شاخ ئەوەم

لەلای جەنابیان باسكرد، بە ئاكارو ڕەوشت و دانراو و مینبەر، بوو بە یەكێ لە پایەو ڕوكنەكانی سەحوەی پیرۆزی ئیسلامیی كوردستان. كاتێ كە كار لە كار ترازاو هیچ بیانوو نەما بۆ دانیشتن كۆچی كردو دواتر بوو بەیەكێ لە سەركردەكانی گۆڕەپانی جەنگ و جیهادو شۆڕشی دژ بە لەخوابێ خەبەران و دوژمنانی ئیسلام و خەڵكی كوردستان. خۆی وتەنی ئاسا لە بن لێزمەی بەفرو باران و ژیان لەناو چیاو دۆڵ و نشێو و ئەشكەوتدا هەڵبژارد بە سەربەرزی، نەك مانەوە بە زەلیلی بەوەش مامۆستای مەرحوم بەر ئایەتی (فضل الله المجاهدين على القاعدين أجراً عظيما) دەكەوێ إنشاءالله. لە دوای ڕمانی قەلای بەعس لە كوردستاندا كەشی ئازادی هاتە ئاراوەو پێویست بوو ئەنجومەنی یاسادانان لە كوردستان هەڵبژێردرێ، ئەوە بوو حزب و جەمعەكەی مامۆستا بەشداری كردو بۆ ڕێنمونی و بەرچاو ڕونی دەنگ دەران دانراوی (بەیعەت لە ئیسلامدا) ، یان رەئی دەدەی بەكێ وكێ هەڵدەبژێریی و گوناه و تاوانی ئەو كەسەی هەڵی دەبژێری كە شاییستە نەبێ چی یە دەركرد، ئەمەش وەك ئەركێكی دنیاو قیامەتی بوو، تا دڵ پاكەكان لە دەوری ئالای (لااله الا الله محمد رسول الله) ی بزووتنەوەی ئیسلامیی كۆ ببنەوەو بیكەنە نمایندەی خۆیان تا بزووتنەوە ببێتە چەترو قەلای پاراستنی شكۆمەندی و ڕەوشت لە وڵاتی كوردان دا. مامۆستا لە ژیانیدا زۆر حەزی لە ژیانی برایەتی و تۆكمەیی ڕیزەكان و هەوڵ دان بۆ گرتنی كەلێن و درزەكان دەكردو هەمیشە هەوڵەكانی بەو ئاراستەیە بوون و بە ئیجابی ناوزەد كراون. هەمیشە دوپاتی دەكردەوە كە شكۆمەندیمان و سەربەرزیمان بەندە بەسەر بەرزی بزووتنەوەكەمانەوە، لەبەر ئەوە كاتێ باسك بۆ ماوەیەكی درێژی زیاتر لەشێوەی شیوی ئەبو تالیب بە بەرنامە بێ نازكراو ویسترا مێژووی باسك لەسەر شانۆی سیاسەت و ئەتڵەسی حزبایەتی نەهێڵرێ، ئەوە زۆر نیگەرانی دەكردو ئاخ و ئۆفی هەڵدەكێشاو شەوو ڕۆژ لە هەوڵی شكاندنی ئەو گەمارۆیەدا بوو، هێندە بۆی دڵ گەرم بوو، هێندەی بێ وەعدی دیبوو، جارێكیان لە سەردانێكیدا لە خزمەتی دابووین بۆ لای بەڕێز كاك عەدنان موفتی كە سەرۆكی پەرلەمان بوو، وە زۆر دۆستیشی بوو پێی ووت(تكایە كاك عەدنان با موجامەلە نەكەین باس لە ئەسڵی مەبەست بكەین كە مەزلومیەتی بزووتنەوەیە كە سنوری نەماوەو چیتر ناتوانین بێ دەنگ بین لە بەرامبەری)، مامۆستای مەرحوم خەونی بە یەكڕیزی ئیسلام دۆستانەوە دەبینی و هەوڵی بۆ دەدا، بە دواچارسەری دەزانی هەر بۆ ئەو مەبەستە هەر ڕۆژە لە شارو شارۆچكەیەك و لایەكی ئەم كوردستانە بوو، ئومێد دەكەین هەوڵەكانت كارەكانت بەو ئاراستەیە كە لە تەمەنت دا نەهاتنە دی، بێنە دی لە ئێستاو داهاتوودا.

بە سادەیی و سادەیی ژیانی لە خانویەكی سادەی متواصفی دور لە ژیانی ترف و سرف، لە بڕی موبیلیاتی تازەو كورسی و كەراسی پاڵت بە كتێبخانەكەتەوە دەدا، هەر دەبوو واش بێ چونكە ژیانی زانایانی موجاهیدو میراتگری پێشەوامان هەر وا بوون. هەر ئەمانەش بوو وای كرد ڕۆژ بەڕۆژ سەرت بەرزتر بێت و هیچ پلانێ زەفەری پێ نەبردبێ، وتەی شاعیرت بەجێ گەیاند كە دەڵێ:

(بەسەر بەرزی بژی بە نان و ئاوێ
سەر دامەنەوێنە بۆ هەموو نا پیاوێ
ئازادی مەفرۆشە لە پێناو تاوێ).

چەند خەمت دەخوارد لە بەرهەمی قەڵەمە بە برشتەكەت كە كۆتایان تەفسیرەكەت بوو بە چاوی خۆت ببینی و ببینی كە چۆن گەنج و لاوەكانی كورد هەنگ ئاسا بۆن و چێژ و بەرامی وەردەگرن و دڵەكانیان پێی ئاوەدان دەبێتەوە، بەلام بای ئەجەل هات و ماوەی نەداو ئێستا بە بەرهەم هات كە مایەی دڵسۆزی وەفای تۆیە بۆ ئیسلام و كوردەواری و خانەوادەی بەڕێزت و سەدەقەی جاری هەتا هەتایی. دڵنیام ماف ناونیشانی ئەم بابەتەم نەداوە، بەلام ئەمە كەف و كڵێكی كەمی ناو دڵ بوو.. مامۆستای خەمخۆر/ براو هاوڕێ و هاوڕێبازانت، بەردەوامن لە خەبات و تێكۆشان، ڕێگاتان كە ڕێگای پیاوچاكان و شەهیدانە، هەرگیز بزر ناكرێ و بزووتنەوە ڕەسەن و دڵسۆزەكەت خۆت ئاسا هێواش هێواش هەنگاوی بەرەو پێش چوون دەنێت، وەها دێن و دڵنیاشم ئێستا ڕوحیانەتی بەڕێزتان لەگەڵ سەرجەم شەهیدان چاودێری یان دەكەن و ڕۆحتان بەرەوپێش چوونی باسك و ڕابوون شاد دەبێ، ڕۆحتان شادو ئارامگاتان ئارام و بەهەشتی فیردەوس مەنزڵگاتان بێت. إنشاء الله